# هەواڵنامە

گشتی — یەکشەممە 2018-12-23 — ژمارە: 33

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە، ئۆفیسی میدیایی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئامادەی دەکات


## نوێترین :

| هەواڵ | سەرچاوە |
|---|---|
| سەرۆک کۆماری عێراق بەنیازی هەوڵێکی ناوبژیوانییە لەنێوان کوردو حکومەتی سوریاداو بۆ ئەوەش سیناریۆیەکی ئامادەکردووە. | شەرقولئەوسەت |
| مەولود چاوش ئۆغلو، وەزیری دەرەوەی تورکیا هۆشداریی دەدات بەوەی هیچ لایەنێک ناتوانێت رێگەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنیان لەرۆژهەڵاتی روباری فورات لێ بگرێت، ئەو وتی "لە هێرشی سەر عەفرین هیچ لایەنێک نەیتوانی رێگەمان لێ بگرێت". | سپوتنیک |
| بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە، پەرلەمانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی پرسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و چەند پرسێکی دیکە کۆببێتەوە. | ناس |
| گروپێکی چەکداری نوێ لەرۆژئاوای کوردستان سەریهەڵداوەو ناویان لەخۆیان ناوە هێزەکانی ئازادکردنی عەفرین | اسرار میدیا |
| فەیسبوک بەنیازی دەرکردنی پارەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆیەتی | ئیتجاە بریس |

## کوردستان

| هەواڵ | سەرچاوە |
|---|---|
| عوسمان بانیمارانی: بەو شێوەیەی ئێستا هەیە بەشداریکردنی یەکێتی لەگەڵ پارتی لەحکومەت هیچ مەعنایەکی نابێت | ئاوێنە |
| ماوەی شەش ساڵە سەندیکای پارێزەران کۆنگرەی نەبەستووە ئەمەش نارەزایی ژمارەیەکی زۆر لە پارێزەرانی لێکەوتۆتەوە و نەقیبی سەندیکاش دەڵێت: کارەکانیان بۆ ئەنجامدانی کۆنگرە دەستپێکردووە . | دواڕۆژ |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| واشنتۆن پۆست: لەنزیک کەرکوک، خەزنەیەکی داعش دۆزرایەوە کە بریتییە لەپارەی بێگانەو پارەی عێراقی و ئاڵتون، ئەو خەزنەیە دەیسەلمێنێت کە پارەی داعش لەچوار وڵاتەوە دێت | بغداد اليوم |
| بەرێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێم رایگەیاند، بەرەبەیانی ئەمرۆ بوومەلەرزەیەک لە خانەقینی داوە و هیچ زیانێکی نەبووە. | وێستگە |

## عێراق

| هەواڵ | سەرچاوە |
|---|---|
| ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار بریاریدا بە قەدەغەکردنی یاری "PUBG " لە فەرمانگە حکومییەکاندا لە کاتی دەوامی فەرمیدا و هەر کەسێک ئەو یاریە ئەنجامدات فەسل دەکرێت. | تسريبات |
| پەرلەمانتارێکی سائیرون: رێککەوتنێکی سەرەتایی لەگەڵ کوتلەی بینا هەیە بۆ گۆرینی فەیازو کاندیدەکانی وەزارەتی بەرگری | فورات نيوز |
| وەزارەتی بازرگانی عێراق بەنیازە کۆبۆنی خۆراکی زیرەک دەربکات کە پشت بەبینینی چاو دەبەستێت. | سومرنيوز |
| تەلال زەوبەعی: دەسەلاتی دادوەری قسەی خۆی لەسەر حەلبوسی دەکات. | ناس |
| پێنج سەرپێچی، رەنگە ببنە هۆکاری لابردنی حەلبوسی لەسەرۆکی پەرلەمان | ناس |
| کۆمپانیای زەین، بەپێی گرێبەستێکی گوماناوی خۆی لەپێدانی بری ملیارێک و ٧٠٠ ملیۆن دۆلار بەحکومەتی عێراق لاداوە | بغداداليوم |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەواڵنامە

گشتی

ژمارە: 33 یەکشەممە 2018-12-23

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە، ئۆفیسی میدیایی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئامادەی دەکات

## ناوچەکەو جیهان

| هەواڵ | سەرچاوە |
|---|---|
| دادگای ئەڵمانیا هۆشداری لەبەکارهێنانی مۆبایلەکانی ئایفۆندا، دوای ئەوەی چین لەو بارەوە هۆشداریدابوو. هۆشدارییەکەی ئەڵمانیاو چین، لەبەکارهێنانی بەرهەمەکانی کۆمپانیای ئەپڵ، بەتایبەتی مۆبایلەکانی ئایفۆن، بەهۆی بردنی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەرانەوە. | شارپرێس |
| میدیاکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا کاروانێک ئۆتۆمبێلی سەربازییان رەوانەی سەر سنووری سوریا کردووە بەمەبەستی پشتیوانیی لە یەکەکانی سەر سنوور. | ئەنادۆلو |
| شەرڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات "هەسەدە" هێرشێکی چەکدارانی رێکخراوی داعشیان لەنزیک شارۆچکەی ئەبوحەسەن تێکشکاند و لەئەنجامی ئەوشەڕەدا لانی کەم 20 چەکداری داعش کوژران. | خەبەر٢٤ |
| دیوانی شاهانەی سعودی کۆچی دوایی ئەمیر تەلال بن عەبدول عەزیزی لە تەمەنی ٨٧ ساڵیدا راگەیاند، کە بەیەکێک لە میرە ریفۆرمخوازەکان ناسراوەو باوکی ملیارێرر وەلید بن تەلالە. | ئەلعەرەبیە |
| بەهۆی ناکۆکییەکان لە کۆنگرێسی ئەمریکا لەسەر داوایەکی دۆناڵد ترامپ، بۆ تەرخانکردنی پێنج ملیار دۆلار بۆ دروستکردنی دیواری سنوریی نێوان ئەمریکاو مەکسیک، بەشێک لەحکومەتی ئەمریکا داخرا. | سکای نیوز |
| | |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەواڵنامە

گشتی

یەکشەممە 2018-12-23 ژمارە: 33

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە، ئۆفیسی میدیایی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئامادەی دەکات

## ئابووری

+ ئەمڕۆ یەکشەممە 23ی کانونی یەکەمی 2018 نرخی دراوەکان لەبازارەکانی هەرێم بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

100دۆلار بە 120 هەزارو 300 دینار.

100ئیرۆ بە 136 هەزارو 500 دینار.

100پاوەندی بەریتانی بە 151 هەزار و 800 دینار.

100000سەد هەزار تومەن بە 12 هەزار دینار

100لیرەی تورکی بە 22 هەزارو 500 دینار.

+ئەمڕۆ یەکشەممە 23ی کانوونی یەکەمی 2018، نرخی نەوتی خاوی ئەمریکی و نەوتی برێنت لە بازاڕەکانی جیهان بەم جۆرەی خوارەوە مامەڵەی پێوەکرا.

نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی ئەمریکا بە 45 دۆلار و 41 سەنت مامەڵەی پێوەدەکرێت.

هاوکات بەرمیلێک نەوتی برێنتیش بە 53 دۆلار و 50 سەنت فرۆشرا.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەواڵنامە

گشتی

ژمارە: 33 یەکشەممە 2018-12-23

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە، ئۆفیسی میدیایی جولانەوەی نەوەی نوێ ئامادەی دەکات

# گەشتێک بەرۆژنامەو کەناڵەکانی جیهاندا

| هەواڵ | سەرچاوە |
|---|---|
| بزوتنەوەی گەنجانی شۆرشگێر "DGH" کۆمەڵێک چالاکییان ئەنجامدا بۆ نارەزایی دوورەپەرێزی عەبدولا ئۆجەلان. | ANF news |
| ئێران جەنگ دەستپێدەکات دوای هاتنە ناوەوەی فرۆکەهەڵگرەکانی ئەمریکا بۆ کە نداو، بەوەی کە پەیوەندییەکان بەردەوام لە گرژبووندایە. | Independent |
| ناتانیاهۆ لە تویتێکدا رایگەیاند: سوپای ئەردۆغان رەشەکوژی ژنان و منالان لە گوندە کوردیەکانی ناو تورکیاو دەرەوەی تورکیا ئەنجامدەدات. | AhvalNews |
| سوپای سوریا هێزی زیاتری بۆ رۆژهەلات ولات نارد دوای پلانی کشانەوەی ترەمپ. | Las Vegas Review_Journal |
| سوونامی بورکان لە ئیندۆنیسیا روویدا دوای هەڵچونی گرکانی کراکەتۆ،بەو هۆیەوە ٦٢ کەس گیانیان لەدەستدا | BBC |
| ترەمپ: چانسێکی ترم داوە بە جەیمس ماتیس دوای خانەنشینبوونی | ANI south Asia news agency |
| فەرەنسا: ١٠ کەس لە خۆپیشاندانی هیلەک زەردەکان کوژران. | ANI |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# هەواڵنامە

**گشتی** 2018-12-23 **یەکشەممە** **ژمارە:** 33

**بڵاوکراوەیەکی ڕۆژانەیە، ئۆفیسی میدیایی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئامادەی دەکات**

## کەشوهەوا

**باری کەش و هەوای ئەمڕۆ یەک شەممە 2018-12-23**

پێشبینی بۆ ماوەی 24 کاتژمێر.

| کەش | شارەکان | نزم ترین پلەی گەرمی تۆمارکراو | بەرزترین پلەی گەرمی پێشبینی کراو | خێرای باو + مەودای بینین |
|---|---|---|---|---|
|  | **هەولێر**<br>ئاسمان ساماڵ و هەندێ هەور دەبێت . | 5 | 16 | (15-5)کم/س<br>مەودای بینین<br>10-9 کم |
|  | **سلێمانی**<br>ئاسمان ساماڵ و پەڵە هەور دەبێت . | 2 | 15 | (15-5)کم/س<br>مەودای بینین<br>10کم |
|  | **دهۆک**<br>ئاسمان ساماڵ و پەڵە هەور دەبێت . | 4 | 14 | (10-5)کم/س<br>مەودای بینین<br>10کم |
|  | **کەرکووک**<br>ئاسمان ساماڵ و پەڵە هەور دەبێت . | 5 | 16 | (15-5)کم/س<br>مەودای بینین<br>10کم |



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com